گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**م.ی. توانا عثمان محمدأمين**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Twana.amin@lfu.edu.krd
Twana.mohamedamen@su.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٨
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Motives, Women's Work, Society's View, Economics, Social Position.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.2

### پوختە

پێشکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکانی بواری تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی و ئابووری، بوونە هۆکارێکی سەرەکی گۆڕان لە بونیاد و سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی جیهان؛ یەکێک لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی کارکردنی ئافرەتانە لە دەرەوەی ماڵ؛ لەبەر گرنکی ئەم دیاردەیە، ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا بەناوی (پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. چەند ئامانجێکمان دەست نیشان کردووە لەوانە، هۆکارەکانی کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوەی ماڵ چیین. گرنگترین ئەو بەربەستانەی کە دێنەپێش ئافرەتان لە کاتی کارکردن لەدەرەوەی ماڵ کامانەن. لایەنە ئەرینی و نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کامانەن. ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەنی سەرەکی پێکدێت(تیۆری و مەیدانی)؛ لایەنی تیۆری لە سێ بەش پێکهاتووە، بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دەست پێدەکات و کێشەی تویژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە دەگرێتەوە. بەشی یەکەم لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت، یەکەم، تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی چەمك و زاراوە زانستیەکانی ئەم

توێژینەوەیە، چەمکەکانی(پاڵنەرەکان، ئافرەتی کارکردوو). بەشی دووەم، توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆ دەگرێت، بەشی سێیەم پێکدێت لە باسکردنی بابەتی پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، چەند باسێك لە خۆدەگرێت لەوانە(پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان، پاڵنەرە ئابوورییەکان، پاڵنەرە دەروونییەکان). لایەنی دووەمیش مەیدانیە و دوو بەش لە خۆدەگرێت، بەشی چوارەم باس لە میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنی(اجرءات)کارە مەیدانیەکان دەکات، وەکو میتۆدی وەسفی شیکاری، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، وەرگرتنی نموونەش لە جۆری نموونەی مەبەستدارە. توێژەر ئامرازی (فۆرمی راپرسی) بەکارهێناوە. لەکاتێکدا بەشی پێنجەم خستنە ڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەیە. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام و دەرەنجامی تویژینەوەکە تاوتوی کراوە و پاشان چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك سەبارەت بە کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی

کارکردنی ئافرەتان بەگشتی بەشداری دەکات لە پێشخستنی ئاستی دارایی و باری کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان، بە تایبەتی کاتێک دەتوانن هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان کاروباری دەرەوە و نێو خێزانەکانیان. کارکردنی ئافرەت، سوودی زۆری هەیە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین؛ چونکە توانای ئابووری ژنان بەشداری دەکات لە گەشەی ئابووری کۆمەڵگەدا، پاڵپشتی بەرهەمداریی و هەمەجۆری کاری ئابووری و بەدیهێنانی یەکسانی داهات لەگەڵ پیاواندا دەکات، ژنانی بەشدار لە هێزی کار بۆ باشترکردنی ستانداری ژیانیان و بەسەربردنی باری سەختی ژیانی ئەم سەردەمە بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕن. کارکردنی ئافرەتان، چەمکێکە ئاماژە بەو هەوڵ و کۆششە دەروونی و جەستەییانەی ئافرەتان دەدات کە لە شوێنی کاریان ئەنجامی دەدەن، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خودی و کۆمەڵایەتییەکانیان؛ بۆیە دەبێت گرنگی بە دۆخی کۆمەڵایەتی ژنان بدرێت لەم بوارەدا. سەردەمی ئێستا دەرفەتی گەورەی بۆ ژنان ڕەخساندووە بۆ بەدەستهێنانی مافە

سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی و ..هتد. هەروەها دەرفەتی بەشداریکردن لە ژیانی کارکردندا ، بۆ ئەوەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆیان بەرامبەر بە خێزان و دەزگاکانیان جێبەجێ بکەن.

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان:

لەم بەشەدا کە بە رەهەندەکانی تویژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان ناسراوە، لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا واتا ڕەهەندەکانی تویژینەوەکە، باس لە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت. باسی دووەم، دیاریکردنی چەمکەکان، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ناونیشانی تویژینەوەکە پێکدەهێنن.

### 1-ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-

### 1-1-کێشەی توێژینەوە:-

دەستنیشانکردنی کێشەی تویژینەوە، بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە توێژەر دەزانێت بەدوای چارەسەرکردن یاخود ڕوونکردنەوەی چ گرفتێکەوەیە، پێویستە توانا ماددی و هزری و جەستەیی و کاتی گونجاو رەچاو بکات. لێرەوە دەتوانین گرفتی ئەم تویژینەوەیە لە میانەی چەند پرسیارێکدا بخەینە ڕوو:

1- بۆچی ئافرەتان هەوڵدەدەن لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن؟
2- ئەو بەربەست و کێشانەی کە رووبەڕووی ئافرەتانی کارکردوو لە دەرەوەی ماڵ دەبنەوە چیین؟
3- ئایا جیاوازی هەیە لە بارودۆخی کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی؟

### 2-1- گرنگی توێژینەوە :-

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگییەکەی لە دوو لایەندا بەدەردەکەون، یەکەم لایەنی تیۆری، دووەم لایەنی پراکتیکی(مەیدانی). لەڕووی تێورییەوە، توێژینەوەی زانستی دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبونی مەعریفەی زانستی. سەبارەت بەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدرێت هۆکارەکانی کارکردنی ئافرەتان بخرێتە ڕوو؛ ئەمەش لەڕووی زانینی سروشت و تایبەتمەندی ئەو هۆکارانە دەبێت کە لەپشت کارکردنی ئافرەتەوەن، کەدواجار ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ دارشتنی پێناسە و گریمانەی زانستی و تێوری نوی، لەم بوارەدا. دووەم لە لایەنی پراکتیکییەوە، دەکرێت ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان پێی دەگەن، وەکو میکانیزمێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەی کاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی

حکومەت، دەکرێت سوود لە دەرەنجامەکانی وەربگیرێت بۆ دیاریکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی رۆڵیان هەیە لە کارکردنی ئافرەتان و پاشان کارکردن لەسەر باشترکردنی دۆخی ئافرەتان لە بواری کاردا.

### 1-3- ئامانجی توێژینەوە :-

پێویستە توێژینەوەی زانستی چەند ئامانجێکی هەبێت، کە دەخوازریت لە میانەی توێژینەوەەیدا پێی بگات، بۆیە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە شێوەی چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

1- دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوەی ماڵ.
2- دیاریکردنی ئەو بەربەستانەی کە دێنەپێش ئافرەتان لە کاتی کارکردن لەدەرەوەی ماڵ.
3- خستنەرووی لایەنە ئەرینی و نەرێنییەکانی کارکردنی ئافرەتان.
4- دیاریکردنی پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، بەپێی جیاوازی لە گۆڕاوەکانی(باری کۆمەلآیەتی، جۆری کار).

## دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە:-

چەمك واتە کۆمەڵێك هێمای دیاریکراو، بۆیە لەسەرەتای توێژینەوەکەدا، پێویستیان بە ناساندن و شیکردنەوەی ماناکانیان هەیە، تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسان پرۆسەی گواستنەوەی ماناکان لە هزری تویژەرەوە بگاتە خوێنەر. (شوانی، 2015: 221)، چونکە بارودۆخە کۆمەلآیەتییەکان بەپێی جیاوازی تویژینەوەکان و جیاوازی پسپۆڕایەتی، تیرِوانینەکان دەگۆڕێن.(عومەر، 2012: 72). لەم توێژینەوەیەدا، بەپێی تێڕوانین و بۆچونی پسپۆڕان، دەمانەوێت هەریەك لە زاراوە و چەمکەکانی(پاڵنەر، کارکردنی ئافرەت) بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو.

**1- پاڵنەر: (Motives)**

بریتییە لە هەموو وروژێنەرانەی ڕەفتارانەی مرۆیی دەجولێنیت و پاڵی پێوەدەنیت بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، جا دینامیکی بێت، هزری بێت یان سۆزداری. پاڵنەرەکانی مرۆڤ، هەندێکیان زگماکی و هەندێکی دەستکەوتوون.( برکات و زیاد، 2012: 24)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاڵنەرەکان، ئەو ووزە بەهێز و شاراوانەیە کە ئاراستە و ڕێکخەری کار و هەڵسوکەوتی تاکە لە کاتی وەڵامدانەوەی بۆ هەلومەرجە ژینگەیی و کاریگەریەکانی دەوروپشتی و نوێنەرایەتی مۆتیف و حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ و پێویستیانەی کە مرۆڤ هەمیشە بەدوای ڕازیکردن و بەدیهێنانیدا دەگەڕێت. دەکرێت وەک هێزی بزوێنەری ناو تاک دابنرێت.( سالمي، 2009: 16). کۆمەڵگا جیاوازەکان دەبێت دەرفەت و هەلومەرج ێک بقۆزێتەوە بۆ هاندان و وروژاندنی پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی ئەندامانی و کاریگەری خستنەسەریان، بۆ دەرکەوتنی تایبەتمەندیەکانی وەک کارکردن بە باشی و و خواستی چوونە ناو کاروبارە جیاوازەکان و گەڕان بەدوای باشترین و بە بەردەوامی لە بیرکردنەوە و ئەنجامدانی لە پراکتیکدا.(الطویل، 2016: 163)، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی خستمانە ڕوو، دەتوانیین پێناسەیەکی کارڕایی(اجرائی)، بۆ پاڵنەر بکەین بە جۆرێک لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا گونجاو بێت. دەکرێت بڵێین پاڵنەر، ئەو هۆکارانەن کە دەبنە سەرەچاوەیەکی وروژێنەر و پاشان هاندان، رۆڵێکی سەرەکییان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارێک، کردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی، هەروەک ئافرەتان بەهۆی چەند پاڵنەرێکەوە هەستی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ بۆ دروست دەبێت، پاشان بە کردەوە جێبەجێی دەکەن و ڕوودەکەنە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی بۆ کارکردن.

### 1- ئافرەتی کارکردوو: (Working Woman)

ئافرەتان، یەکێکن لە گرنگترین سەرچاوە مرۆییەکان کە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگا، یارمەتیدەر بوون بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ ژنان کە ئەمەش خواستی خۆیان بۆ کار و خستنەڕووی ڕۆڵی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا وەک هاوبەشێک بۆ پیاوان لە بنیاتنانی کۆمەڵگا.(سوسن، 2019: 53).

ئافرەتی کارکردوو، ئەو ژنەیە کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکات و پارەی کارەکەی وەردەگرێت کە دوو ڕۆڵی سەرەکی لە ژیاندا دەبینێت وەک ژنی ماڵەوە و فەرمانبەر.(زینب و نوال، 2020: 9). دەکرێت بە ئافرەتێک پێناسە بکرێت، کە لە دەرەوەی ماڵەکەی کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی پاداشتێکی دارایی بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیان بەهۆی ئاڵۆزی کێشەکانی و یارمەتی دانی مێرد بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئابووری خێزان یان بە هۆی بێوەژنی یان تەڵاق ، ڕەنگە کارەکەی تەواو بێت یان نیوە کات بێت.( بلعابد، 2015: 61). ئەو هەوڵی جەستەیی دەدات بۆ ئەوەی سودێکی ئابووری دروست بکات یان سودلەشتێک

زیاد بکات کە هەیە ، هاوکات ڕۆڵی تری وەک ژن و دایک و بەڕێوەبەری ماڵ بگێڕێت . (الغامدی، 1996: 8). لێرەوە دەکرێت پێناسەیەکی کارڕایی(اجرائی)، بۆ ئافرەتی کارکردوو بکەین کە لەگەڵ توێژەینەوەکەمان بگونجێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئافرەتی کارکردوو، بریتیین لە هەموو ئەو ئافرەتانەی کۆمەڵگا کە جگە لە کاری ماڵەوەیان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارێک کە لە دەرەوەی ماڵەکانیانە و لەبەرامبەردا پاداشتێکی ماددی وەردەگرن، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکار و پاڵنەرێکەوە دەکرێت کۆمەڵایەتی بن یاخود ئابووری یان دەروونی.

## سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

لەخستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر دەتوانێت سوودمەندبێت لەو زانیاری و ڕێوشوین و میتۆد و بوارەکانی توێژینەوە و نموونە و گرنگترین ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەی پێیگەیشتوون بخەینە ڕوو، . تاوەکو وەک بنەمایەك سوودیان لێببینیین؛ لێرەدا بە کورتی دیانخەینە ڕوو:

### 1-توێژینەوە کوردیەکان:

**- کریم، کانیاو ابراهیم (2020)، ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ،** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەك دیاریکردنی بەهیزترین هۆکار لە کارکردنی ژنان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵ. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لە پەروەردەکردنی منداڵدا. کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە ناوەندی قەزای سلێمانی، نموونەی توێژینەوەکە ئەو ئافرەتانەی کە دایکن و فەرمانبەرن لە(کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی). لەڕووی ژمارەی نموونەی تویژینەوە(150)یەکە(ئافرەت)وەرگیراون، (50)لەکەرتی پەروەردە(150)لەکەرتی تەندروستی. بەشیوەی نموونەی مەبەستدار وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-ڕۆپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)بەکارهاتووە. هەروەها فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازی کۆکۆدنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە. کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم تویژینەوەیە بریتیبوون لە(ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو).

تویژەر گەیشتووە بەو دەرەنجامانە:

1- پاڵنەرەکانی کارکردنی نمونەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوتە ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.
2- کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە لە دەرەوەی ماڵ هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکان بەیەکەوە.
3- کێشەی پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکان یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

**2- توێژینەوە عەرەبییەکان:**

- **نسرين بن بوزيد خولة (2015)،** مشكلات المرأة العاملة و تاثيرها علي الاداء الوظيفي. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوە **بریتیین لە،** دەرخستنی ئاستی گرنگی ئافرەتان لە بواری کارکردندا، هەڵوێستەکردن لەبەردەم گرنگترین بەربەست و کێشەکانی بەردەم ئافرەتی کار کا کەریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارکردنیان. کۆمەڵگای توێژینەوە(زانکۆی العربي بن مهيدی)ە. نموونەی توێژینەوەکە(55) فەرمانبەری ئافرەتن بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی)بۆ ئەم توێژینەوەیە، ئامرازەکانی (چاوپێکەوتن بە بەکارهێنانی فۆرم، تێبینی کردن) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە، توێژەر گەیشتووە بەم دەرەنجامانە:

1- کێشە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەدای پیشەیی.
2- جیاکاری یەکێیکە لەو بەربەستانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر کارکردنی ئافرەتان.
3- گیچەڵی سێکسی یەکێکە لە مەترسیدارترین کێشەکان کە رووبەڕووی ئافرەتانی کار دەبنەوە.

## چوارەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر هەستاوە بە خستنەرووی(2) توێژینەوەی زانستی، یەکیك لە توێژینەوەکان کوردییە، توێژینەوەکەیتر عەرەبییە. ئەم توێژینەوانە نامەی ماستەرن. لێرەدا دەمانەوێت لەچەند خاڵێکدا گفتوگۆیان لەسەر بکەین و بەراوردیان بکەین بە توێژینەوەکەی خۆمان.

**1- ئامانجی توێژینەوەکان:** سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکان، بۆمان دەرکەوت کە توێژینەوەی یەکەم(کوردی) یەکێك لە ئامانجەکانی دیاریکردنی هۆکارەکانی کارکردنی ئافرەتانە کە ئەمەش گونجا

و کۆکە لەگەڵ ئامانجی یەکەمی تویژینەوەکەمان. ئامانجی دووەمی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەپرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵدا، تارادەیەك نزیکە لە ئامانجی سێیەمی تویژینەوەکەمان. لەکاتیکدا توێژینەوەی دووەم(عەرەبی) ئامانجی دووەمی کە بریتییە لە هەڵوێستەکردن لەبەردەم گرنگترین بەربەست و کێشەکانی بەردەم ئافرەتی کار کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارکردنیان، گونجاوە لەگەل ئامانجی دووەمی توێژینەوەکەمان. بەڵام لەگەڵ ئامانجی یەکەمدا ناگونجێت.

**2- میتۆدی تویژینەوەکان:** لەرووی میتۆدی پەیرەوکراوەوە، تویژینەوەی یەکەم(کوردی) میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی وەسفی شیکارییە-ڕۆپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە)بەکارهاتووە، کە هەمان میتۆدی توێژینەوەکەی ئێمەیە و هەر بۆیە سوودیکی زۆرمان بینیوە لەڕووی شێوازی دارِشتنی توێژینەوە و بەکارهێنانی ڕێگای زانستی لە تویژینەوەکەماندا، بەڵام لە توێژینەوەی دووەم(عەرەبی) میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە؛ واتا زیاتر وەسفی دیاردەکە کراوە هەر بۆ یە تەنها لەڕووی وەسیفی یەوە سووی لێبینراوە.

**3- ژمارە و شێوازی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوە:**

توێژینەوەی یەکەم(کوردی)، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەی(150) ئافرەتی فەرمانبەرن، بەڵام ژمارەی نموونەی توێژینەوەی دووەم(55) فەرمانبەری ئافرەتن. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی نموونەی هەردوو توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت، گونجاوترین ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەمان پێویستە (100) بێت و هەموی لە ڕەگەزی مێ(ئافرەت)بێت، چونکە هەردوو تویژینەوەکە تەنها ئافرەتانیان وەرگرتووە، هەروەها بەپێویستمان زانی کە فەرمانبەر یاخود کاری دەرەوەی ماڵ ئەنجام بدەن وەك هەردوو نموونەی توێژینەوەکانی پیشوو. شیوازی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەی یەکەم(کوردی) بەشێوەی نموونەی مەبەستدار بووە، دووەم(عەرەبی) بەشێوەی هەرەمەکی بووە، ئێمە بەشیوەی نموونەی مەبەستدار وەریدەگرین چونکە شێوازیکی گونجاوە بۆ توێژینەوەکەمان و پیمانوایە دەرەنجامێکی باشترمان پێدەدات.

**4- ئامرازی بەکارهینراو بۆ وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان:** ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەی یەکەم(کوردی) بریتییە لە(فۆرمی ڕاپرسی)، دووەم(عەرەبی)، (چاوپێکەوتن بە

بەکارهێنانی فۆرم، تێبینی کردن) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهیناوە، ئێمە (فۆرمی راپرسی)، وەك ئامرازێکی گونجاو بۆ تویژینەوەکەمان بەکاردەهێنین، چونکە پێمانوایە لەگەڵ ئەوەی گونجاوە، بەکەمترین کات و کورترین ڕێگا و تیچوون زۆرترین داتا و زانیاریمان بۆ کۆدەکاتەوە.

**5- کەرەستە و ئامرازە ئامارییەکان:** ئامراز و کەرەستە ئامارییە بەکارهینراوەکان لە هەردوو تویژینەوەکانی پێشوو گرنگترینیان بریتیین لە(ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو)؛ بەسوود وەرگرتن، ئێمەش زۆرێك لەو ئامرازانە بەکاردەهینیین لە توێژینەوەکەمان کە بەشێکیان تایبەتن بە ئاماری وەسفی وەك(ڕێژەی سەدی، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری) بەشێکیشیان تایبەتن بە ئاماری هەڵێنجانی یاخود دەرەنجامی وەك( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان، تاپیکردنەوەی تی-T-test) زۆریك لە ئامرازە ئامارییە پیویستەکان بۆ توێژینەوەکەمان.

لە کۆتاییدا لەزۆر لایەن و بواری دیکەشدا سوودمان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە وەك لایەنی تیۆری و ئەدەبیاتی بابەتەکە و وەك سەرچاوەیەکی دەولەمەند لەڕووی تیۆرییەوە  تویژینەوەکەمان دەخەنە ئاستیکی زانستی بەرزتر.

## پێنجەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ.

کارکردنی ئافرەتان لەسەردەمانی رابردوودا تەنها بریتی بوو لە کاری ناوماڵ؛ کە هیچ جۆرە کرێ و پاداشتیکی ماددی تیدانەبوو. بەڵام لەگەڵ  ئەو گۆرانکارییە کۆمەلایەتی و ئابووری و ژیاری و زانستیانەی کە بەسەر کۆمەڵگاکاندا هات، بوونە پاڵنەرێک بۆ کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ لەوانە:

**1-  پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان:** پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکێك لە گرنگترین و پاڵنەر و هۆکار دادەنرێت لە چوونەدەرەوەی ئافرەتان بۆ کارکە دەتوانرێت بە چەند خاڵێك دابەشبکریت لەوانە:

**ا- بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و خوێندن:** ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لەسەرتای سەدەی بیستەوە بەدەستهاتن، پاڵنەرێك بوون بۆ پەیوەندیکردنی زیاتری ئافرەتان بە دامەزراوە فێرکاری و زانستییەکان و بەدەستهێنانی  بڕوانامەی زانستی لە پسپۆڕی جۆراوجۆردا؛ بەجۆرێك کە بازاری کار

پێویستی پێیانبوو، هەربۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و پسپۆڕی ئافرەتان و رێژەی بەشداریکردن لە چالاکییە ئابوورییەکاندا.(زریقة و جحجاح، 2017: 380)

**ب- پێگەی کۆمەڵایەتی:** بەدەستهێنانی پێگەیەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر پاڵنەریکی تربوو، چونکە ئافرەتان پێیانوابوو، کارکردن ئامرازیکە بۆ دەرخستنی وەك ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵگا؛ هەروەك لە تویژینەوەی(یارۆ-Yarrow)، دەرکەوتووە کە ڕیژەی(48%) ئەو ئافرەتانەی کاردەکەن بەمەبەستی سەلماندنی خود و بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی بووە. (بلعابد، 2015: 74).چونکە بەبەرزبوونەوەی پێگەی ئابووری پێگەی کۆمەڵایەتیش بەرزتر دەبێتەوە، هەروەك لە تویژینەوەکەی تویژەر(سليم نعامه)دا دەرکەوتووە بە ناونیشانی(سایکۆلۆژیای ئافرەتی کارکردوو)، کە تیایدا ئەوەی دەرخستووە کە یەکێك لە گرنگترین پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان، بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر لەرێگای کارکردنەوە.(زريقة و جحجاح، 2017: 381). کەواتەئارەزوو و خواستی بەدەستهێنانی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی تری کارکردنی ئافرەتانە. (رشيد و بو علام، 2019: 19)

**1-3- جیابوونەوە و مێردمردن:**

ئەمەش پاڵنەرێکی ناچارییە؛ بەهۆی جیابوونەوە، یاخود مردنی هاوسەرەکەی؛ ئافرەتان ناچاربن کاربکەن. بەپێی دەرەنجامی تویژینەوەیەك لەساڵی 2004 لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر ئەنجامدراوە، هۆکاری کارکردنی ئافرەتان بەتایبەتی لە چینی هەژارن، بەهۆکاری نەبوونی پیاوی ماڵە بە هەرهۆیەک، ئەمەش وادەکات ئافرەتی ماڵ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەی خیزانەکەی کار بکات.(الساعاتی، 2006: 349).

**1-4- قەبارەی خێزان:**

قەبارەی خیزان لە دوو لایەنەوە دەبیتە پاڵنەری کار، یەکەم، کاتێك ژمارەی منداڵ زۆرە یان قەبارەی خیزان گەورەیە، تەنها کارکردنی پیاو ناتوانێت پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دابین بکات، دووەم بەپێچەوانەوە، واتا کاتێك ئافرەتان بەهۆی کێشەی تەندروستییەوە منداڵیان نابێت، شوینەوارێکی دەروونی ناسەقامگیر و بۆشاییەکی گەورە لای ئافرەت دروست دەبێت، بۆیە یەکێکە لە پاڵنەرەکانی ئافرەتان بۆ گەران بەدوای کارێکدا و خۆ خەرێککردنە پێیەوە.(زينب و نوال، 2020: 34)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**5-1- تەمەن و هەولدان بۆ باشترکردنی هەلی هەوسەرگیری:**

کارکردنی ئافرەتان هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی هەلی هاوسەرگیری؛ بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی داهاتێکی مامناوەندییان هەیە، لەلایەکیترەوە زۆریك لە گەنجان پێیان باشترە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکدا بکەن کە کار بکات، بە بەراورد لەگەڵ کچێك کە کاری نەبێت.( .(زريقة و جحجاح، 2017: 382).

**2- پاڵنەرە ئابوورییەکان:**

پێداویستییە ماددییەکان پاڵنەرێکی گرنگی کارکردنی ئافرەتانن؛ (سليمان، 2007: 55). زۆرێک لە توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە پاڵنەری ئابووری یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ. هەروەک ئەو ڕاپرسییەی لە ساڵی (1902) لە لایەن (بيدجون)، لەسەر(3800) ئافرەت ئەنجامیدا و تیایدا(70%)ی ئافرەتان هۆکار و پاڵنەری کارکردنیان گەڕاندبۆوە بۆ لایەنی ئابووری. هەروەها لە توێژینەوەیەی(فاروق بن عطية) لە ساڵی(1970) سەبارەت بە کاری ئافرەتان لە جەزائیر، دەرکەوت کە ڕێژەی(61.5%)ی ئافرەتانی کارکردوو بۆ مەبەستی دابین کردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیانە. (بلعابد، 2015، ص). لە پاڵنەرە ئابوورییەکانیتری کارکردنی ئافرەتان بریتیین لە ترس لە داهاتو و نەبوونی متمانە بە دابینکەری سەرچاوەی ئابووری خێزانەکەی، دانەوەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی خێزان، دەستکەوتنی مووچەی خانەنشینی. (سوسن و وداد، 2019: 58).

**3- پاڵنەرە دەرونییەکان:**

پاڵنەرە دەروونییەکان وەک ئارەزووی ئافرەتان لە سەلماندنی خود بۆ کەسانیتر، لەلایەکیترەوە بارودۆخی کار جۆرێک لە سەقامگیری دەروونی فەراهەم دەکات بۆ بەشێک لە ئافرەتان.(الغامدی، 1996: 27). ویستی دەرکەوتن(حب الظهور) پاڵنەرێکی دەروونیترە. لە توێژینەوەیەکدا کە لەلایەن "یارو Yarrow" ئەنجامدراوە، ڕێژەی (48%)ئەو ئافرەتانەی کاریان لە دەرەوە کردووە بە پاڵنەری تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی بووە. لێرەوە دەکرێت بڵێین لە چینی ناوەند و دەوڵەمەند پاڵنەری سەرەکی کارکردنی ئافرەتان دەگەڕێتە وە بۆ پاڵنەرە دەروونییەکان.(بلعقاب، 2017: 20). بەشێک لە ئافرەتان

لەسەردەمی ئێستادا، هەستکردن بە خۆشی و بەختەوەری بە جۆرێک لە پاڵنەر دادەنێن بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ.(ربيعة، 2019: 41).

## شەشەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

### 1-6 - کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە، کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، کە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە.(عمر. 1983: 118). جۆر و چۆنیەتی تویژینەوەکە کۆمەڵگای توێژینەوەکە دیاریدەکان.(عودة. 1992: 160)

پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی لە شاری هەولێر، کۆمەڵگای توێژینەوە، فەرمانبەرانی ئافرەتی چەند دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت و گشتین وەک(پەروەردە، خوێندنی باڵا، نوسینگەکانی گۆڕینەوەی دراو، نەخۆشخانە تایبەتەکان، قوتابخانەی ئەهلییەکان).

### 2-6-هەڵبژاردنی نموونە:

نموونەی تویژینەوە لەکۆمەڵە کەسێك پێکدێت کە هەمان ئەو خسڵەت و تایبەتمەندییانەیان هەیە کە لەکۆمەڵگای تویژینەوەدا هەیە.(عمر. 1983: 118).سروشتی تویژینەوەکەی ئێمە واپێویستی کردوو لەسەرمان(نموونەی مەبەستدار)، بەکاربهێنین، چونکە ویستوومانە توێژینەوە لەسەر چین و توێژێکی دیاریکراو ئەنجامبدەین(ئەو ئافرەتانەن کە کاری دەرەوەی ماڵ دەکەن).

### 3-6-دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە

توێژەر پێویستە، هەستێت بە وەرگرتنی نموونەیەك کە قەبارەکەی نوێنەرایەتی نموونەی توێژینەوەکە بکات. (الزيباري. 2011: 118). لەم توێژینەوەیەدا(100) کەس، کە ئافرەتی کارکردوون لە دەرەوەی ماڵ لە کەرتی تایبەت و گشتی بەنموونە وەرگیراون.

### 4-6- میتۆدی توێژینەوە: (Research M ethod)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتۆدی زانستی کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێگا و سیستەمی گشتییە لەپێناو گەیشتن بە دەرەنجام و ڕاستییەکی پەسەندکراودا لەلایەن توێژەرانەوە دەگیریتەبەر. (شوانی، 2015: 35). بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە گرفتی بابەتی توێژینەوە دەیوروژێنێت.(ئەبراش، 2013: 100). میتۆدی دەستنیشانکراو بۆ ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە، چونکە شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

**5-6-بوارەکانی توێژینەوە:**

أ- **بواری شوین**: بواری شوێنی توێژینەوەکەمان دامەزراوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە شاری هەولێر دەگرێتەوە.

ب- **بواری کات:** کاری مەیدانی توێژینەوەکەمان، لە بەرواری، (7 /5/ 2021 )، دەستکراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری تیۆری و لە(2021/9/3)، کۆتایی هاتووە، لە بواری مەیدانی(پراکتیکی)، لە(2021/9/10)، تاوەکو (3 / 2021/12)، ئەنجام دراوە.

ت- **بواری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە تەنها ڕەگەزی می دەگرێتەوە، کە بریتیین لە (100)کەس، کە بریتیین لەو ئافرەتانەی کاری دەرەوەی ماڵ دەکەن.

**6-6- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییەکان.**

**أ- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا(فۆرمی ڕاپرسی-Questionnairs )بەکارهاتووە، وەك ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو بۆ توێژینەوەکە.

**ب-ڕاستگۆیی (ڕاستی-Validity) فۆرمی پرسیارنامە:**

راستگۆیی بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ مەبەستی پێوانەکردنی ئەو دیاردەیە. (بۆکانی.2016: 174). ڕاستی(الصدق)چەند جۆرێکی هەیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا(ڕاستی ڕواڵەتی)مان هەلبژاردووە. ئاستی ڕاستگۆیی پرسیارنامەکەمان لەم توێژینەوەیەدا(86.363٪)، بۆزانیاریزیاتر بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ژمارە (3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ج-جێگیری(Reliability):**

جێگیری واتا جیگیری پێوەر لەتوێژینەوە لە میانەی خستنە بەردەمی لێ توێژراوان، هەروەها پێدانی هەمان پلە-نمرە-بەهەمان تاکەکان لە میانەی دووبارە دابەشکردنەوەی پرسیارنامە، ئەگەر چەندین جار پرسیارەبەکاربهێنرێتەوە، هەمان ئەنجام بەدەست دێنیتەوە.(عمر. 2011: 88). هەستاین بە تاقیکردنەوەی جێگیری فۆرمی پرسیارنەمەکەمان، بە بەکارهێنانی شێوازی دابەشکردنی نیوەیی(التجزء النصفية-Split-Half) لەسەر نموونەیەکی تاقیکاری، ژمارەیان(14)لێتوێژراوبون. هەژماری ئاستی پەیوەستی (معاملی ارتباطی) مان کرد، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپێرمان- براون(Spearman-Brown)، لە ئەنجامدا ئاستی پەیوەستیان بریتی بوو لە(0.905)، ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی جێگیری ئامرازی بەکارهاتوو بە پلەیەکی بەرز. سەیری پاشکۆی ژمارە(4)بکە.

**د- کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

هەستاین بە بەکارهێنانی بەرنامەی(هەگبەی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان - Statistical package for the Social Sciences)، کە بە کورتکراوەی(S.P.S.S) ئاماژەی پێدەکرێت. توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە: ( ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری, تاقیکردنەوەی تی- T-test).

## حەوتەم: خستنە ڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەکان

1-پرسیارە گشتییەکان:

خشتەی ژمارە(1): ئاستی تەمەنی نموونەی توێژینەوە دەخاتە روو

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 27-18 | 22 | 22.0 |
| 37-28 | 42 | 42.0 |
| 47-38 | 32 | 32.0 |
| 57-48 | 4 | 4.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە خشتەی(١)دەردەکەوێت، زۆرترین ژمارەی تەمەن لە ئاستەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەنێوان تەمەنی(28-37)ساڵیدایە،بەرێژەی(42.0 %)، ئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان(38-47)ساڵیدایە، بەرێژەی(32.0 %)، ئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان(18-27)ساڵیدایە، بەرێژەی(22.0 %)، ئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان (48-57) ساڵیدایە، بەرێژەی (4.0%)، کە کەمتریین ڕێژەیە لە ئاستەکانی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە(2): ئاستی خویندنی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| ئاستی خویندن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ئامادەیی-ناوەندی | 6 | 6.0 |
| دبلۆم | 18 | 18.0 |
| بکالۆریۆس | 60 | 60.0 |
| خوێندنی باڵا | 16 | 16.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

خشتەی ژمارە(2) بۆمان ڕووندەکاتەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆس، زۆرترین ڕێژەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن کە دەکاتە ڕێژەی(60.0 %)، بڕوانامەی دبلۆم ریژەی(18.0%)، بڕوانامەی خوێندنی باڵا ڕێژەی(16.0 %)، بڕوانامەی ئامادەیی- ناوەندی ڕیژەی(6.0 %)،ئەمەش نزمتریین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە(3): باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سەڵت | 38 | 38.0 |
| خێزاندار | 58 | 58.0 |
| جیابۆوە | 4 | 4.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

وەك لەخشتەکەدا دەردەکەویت، ئەوانەی ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە، ڕیژەی(58.0%) بەرزترین ڕێژەی نموونەی تویژینەوەکە پێکدەهێنن. (سەڵت)، ڕێژەی(38.0 %)، ئەوانەی جیابوونەتەوە ڕێژەی(4.0%) کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

خشتەی ژمارە(4): جۆری کاری نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| جۆری کار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| کەرتی گشتی(حکومی) | 62 | 62.0 |
| کەرتی تایبەت(ئەهلی) | 38 | 38.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

بەپێی زانیارییە دەستکەوتووەکان، کەرتی گشتی(حکومی) بەرزترین ڕێژەن(62.0%)، کەرتی تایبەت(ئەهلی)، ڕێژەی(38.0 %) بە پلەی دووەم دێن لە ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە(5): ماوەی کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| ماوەی کار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 1-5ساڵ | 41 | 41.0 |
| 6-10ساڵ | 14 | 14.0 |
| 11-15ساڵ | 19 | 19.0 |
| 16-20ساڵ | 22 | 22.0 |
| 21– و زیاتر | 4 | 4.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

بەرزترین ڕێژەی ماوەی کارکردنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە(1-5 ساڵ)، بەرێژەی(41.0 %)، پاشان(16-20 ساڵ) بەریژەی(22.0%)، بە پلەی سێیەم (11-15 ساڵ)دێت بەریژەی(19.0%)، لە پلەی چوارەم (6-10 ساڵ)دێت بەریژەی(14.0)، بە پلەی پێنجەم و کۆتایی( 21– و زیاتر)، بەریژەی (4.0%) .

## 2-پرسیارە تایبەتییەکان :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(6): ڕێژەی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ پرسیارە تایبەتەکان دەخاتە ڕوو

| ژ | پرسیار | زۆر لەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم | بریارمنەداوە | لەگەڵیدام | زۆر لەگەڵیدام | کۆ% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ئایا بەڕێزتان لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدان لە دەرەوەی ماڵ ؟ | % 6.0 | % 2.0 | % 0.0 | % 43.0 | % 49.0 | 100 |
| 7 | یەکێك لە پالنەرەکانی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ هاوکاریکردنی لایەنی ماددی خێزانەکەیەتی. | % 1.0 | % 0.0 | % 2.0 | % 41.0 | % 56.0 | 100 |
| 8 | یەکێك لە پالنەرەکانی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ تیکەڵاوبونی کۆمەڵایەتییە. | % 10.0 | % 9.0 | % 2.0 | % 55.0 | % 24.0 | 100 |
| 9 | بەهێزبوونی پێگەی ئابووری ئافرەتان، دەبێتە هۆی بەهێزی ڕۆڵی لە خێزانەکەیدا، ئەمەش پاڵنەرێکی ترە بۆ کارکردنی ئافرەتان | % 2.0 | % 4.0 | % 5.0 | % 36.0 | % 53.0 | 100 |
| 10 | کارکردنی ئافرەت هۆکارێکە بۆ بەهیزبوونی کەسایەتی. | %1.0 | %1.0 | %1.0 | %29.0 | %68.0 | 100 |
| 11 | کارکردن لە دەرەوەی ماڵ ڕۆڵی هەیە لە سەقامگیری دەروونی ئافرەتان. | %0.0 | %7.0 | %2.0 | %43.0 | %48.0 | 100 |
| 12 | هۆکارێکیتری کارکردنی ئافرەتان چاولێکەرییە. | %17.0 | %49.0 | %13.0 | %15.0 | %6.0 | 100 |
| 13 | تاوەکو ئێستا تیرِوانینی کۆمەڵگا بۆ کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ تێروانینێکی نەرێنییە(خراپە). | %17.0 | %43.0 | %9.0 | %23.0 | %8.0 | 100 |
| 14 | گێچەڵی سێکسی لە شوینی کار یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ. | %12.0 | %35.0 | %16.0 | %28.0 | %9.0 | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم کاری ئافرەتان لە کوردستاندا، جیاکاری ڕەگەزی(نێر و مێ)یە، لە شوێنی کارکردندا. | %12.0 | %28.0 | %11.0 | %30.0 | %19.0 | 100 |
| 16 | شەرم و تیروانینی کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر ئافرەت، بەربەستێکی زۆرە لەبەردەم کاری ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ. | %9.0 | %35.0 | %5.0 | %37.0 | %14.0 | 100 |
| 17 | دەستووردان لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان لە جۆری جل و بەرگ و شیوە و روخسار و کاتی کارکردن یەکێکە لە کێشەکانی ئافرەتان. | %5.0 | %27.0 | %5.0 | %42.0 | %21.0 | .100 |
| 18 | کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی مندالەکانی. | %14.0 | %49.0 | %5.0 | %23.0 | %9.0 | 100 |
| 19 | ئافرەتانی کار لە کوردستاندا لە هەندێک باردا نەیاتوانیوە هاوسەنگی دروست بکەن لەنێوان کاری ماڵ و کاری دەرەوەدا. | %13.0 | %38.0 | %5.0 | %33.0 | %11.0 | 100 |
| 20 | ئافرەتی کارکردوو لەدەرەوەی ماڵ کەمتر گوێڕایەڵی هاوسەرەنیان دەکەن. | %24.0 | %46.0 | %9.0 | %16.0 | %5.0 | 100 |
| 21 | کارکردن لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی ناسەقامگیری دەرونی و قەلەقی بۆ زۆرێک لە ئافرەتان. | %9.0 | %52.0 | %8.0 | %24.0 | %7.0 | 100 |
| 22 | ئافرەتی کارکردوو، باشتر دەتوانێت پلانی ژیان وبەرێوەبردنی خیزانی دابرێژێت. | %3.0 | %10.0 | %4.0 | %46.0 | %37.0 | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 23 | کارکردن هۆکارێکە بۆ هۆشیاربوونی زیاتری ئافرەتان. | %1.0 | %2.0 | %0.0 | %42.0 | %55.0 | 100 |
| 24 | کارکردن رۆڵی گرنگی هەیە لە زیاتر ئاشنابوونی ئافرەتان بە ئەرک و مافەکانیان لە کۆمەڵگادا. | %0.0 | %3.0 | %2.0 | %53.0 | %42.0 | 100 |
| 25 | کارکردنی ئافرەتان دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا. | %2.0 | %4.0 | %0.0 | %44.0 | %50.0 | 100 |

خشتەی ژمارە(6)، جیاوازی لە رێژەی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ پرسیارە تایبەتەکان دەخاتە ڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازی لە تێڕوانینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ هەریەکێک لە و پرسیارە تایبەتییانەی کە ئاراستەیان کراوە.

خشتەی ژمارە(7): دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە(سەڵت، خێزاندار) بۆ چەند پرسیارێکی تایبەتی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو.

| پرسیارە تایبەتەکان | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی T | Sng.(2tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ10: کارکردنی ئافرەت هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی کەسایەتی.. | سەڵت | 38 | 4.789 | 0.413 | 2.511 | S 0.014 |
| | خێزاندار | 58 | 4.482 | 0.777 | | |
| پ13: تاوەکو ئێستا تێروانینی کۆمەڵگا تێروانینێکی نەرێنییە)(خراپە) | سەڵت | 38 | 3.210 | 1.318 | 3.595 | S 0.001 |
| | خێزاندار | 58 | 2.293 | 1.059 | | |
| پ18: کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی مندالەکانی. | سەڵت | 38 | 3.026 | 1.283 | 2.483 | S 0.015 |
| | خێزاندار | 58 | 2.396 | 1.168 | | |

خشەی ژمارە(7)، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لەنێوان گۆڕاوەکانی (سەڵت، خێزاندار) بۆ ئەم پرسیارە تایبەتانە، هەر بۆیە گریمانەی سفری(H.0)، ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی(H.1)،وەردەگرین کە دەڵێت جیاوازی هەیە لەنێوان گۆڕاوەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە. جیاوازییەکەی بۆ گۆڕاوی (سەڵت) دەگەڕێتەوە چونکە ناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە گۆڕاوی(خێزاندار).

خشتەی ژمارە(8): دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان جۆری کاری نموونەی توێژینەوەکە(کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت) بۆ چەند پرسیارێکی تایبەتی توێژینەوەکە دەخاتە روو

| پرسیارە تایبەتەکان | جۆری کار | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پیوەری | نرخی T | Sng |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ9:بەهێزبوونی پێگەی ئابووری ئافرەتان، دەبێتە هۆی بەهێزی رۆڵی لە خێزانەکەیدا | کەرتی(حکومی) | 62 | 4.483 | .718 | 2.072 | 0.041 S |
| | کەرتی تایبەت | 38 | 4.105 | 1.109 | | |
| پ14: گێچەڵی سێکسی لە شوینی کار یەکێکە لە بەربەستەکان. | کەرتی(حکومی) | 62 | 2.661 | 1.129 | -2.245 | 0.027 S |
| | کەرتی تایبەت | 38 | 3.210 | 1.276 | | |
| پ15: جیاکاری رەگەزی(نێر و مێ)یە، لە شوێنی کارکردندا. | کەرتی(حکومی) | 62 | 2.919 | 1.309 | -2.334 | 0.022 S |
| | کەرتی تایبەت | 38 | 3.552 | 1.329 | | |
| پ17: دەستوەردان لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان لە جۆری جل و بەرگ و شیوە و روخسار و | کەرتی(حکومی) | 62 | 3.274 | 1.243 | -2.091 | 0.040 S |
| | کەرتی تایبەت | 38 | 3.789 | 1.166 | | |
| پ22: ئافرەتی کارکردوو، باشتر پلانێ بەرێوەبردنی خیزانی دادەرێژێت. | کەرتی(حکومی) | 62 | 4.209 | .925 | 2.113 | 0.037 S |
| | کەرتی تایبەت | 38 | 3.763 | 1.172 | | |

خشەی ژمارە(8)، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لە ڕووی جۆری کاری لە نێوان گۆڕاوەکانی (کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت)، بۆ ئەم پرسیارە تایبەتانە، هەر بۆیە گریمانەی سفری(H.0)،ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی(H.1) وەردەگرین کە دەڵێت جیاوازی هەیە لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. جیاوازییەکەش بۆ گۆڕاوی(کەرتی تایبەت) دەگەڕێتەوە چونکە ناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە گۆراوی(کەرتی گشتی).

## هەشتەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە.

### 1-ئەنجامی توێژینەوە:

1- زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان، لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدان لە دەرەوەی ماڵ هەروەك لە خشتەی ژمارە(6) پرسیاری(6) توێژینەوەکەماندا دەردەکەوێت.

2- هاوکاریکردنی لایەنی ماددی خێزان و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی بەهێزی کارکردنی ئافرەتانە لە دەرەوەی ماڵ هەروەک لە خشتەی ژمارە(6)، پرسیاری ژمارە(8،7) توێژینەوەکەماندا دەردەکەوێت.

3- بەهێزبوونی پێگەی ئابووری ئافرەتان، دەبێتە هۆی بەهێزی ڕۆڵی لە خێزانەکەیدا، ئەمەش پاڵنەرێکی ترە بۆ کاکردنی ئافرەتان هەروەک لە خشتەی ژمارە(6)، پرسیاری ژمارە(9)، توێژینەوەکەماندا دەردەکەوێت.

4- خشتەی ژمارە(6)، پرسیاری(11،10)توێژینەوەکەمان، بۆمان ڕووندەکاتەوە کە زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوایە کە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەهێزبوونی کەسایەتی و سەقامگیری دەروونی ئافرەت.

5- زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پێیانوانییە کە چاولێکەری پاڵنەرێکی کارکردنی ئافرەتان بێت لە دەرەوەی ماڵ؛ هەروەک لە خشتەی ژمارە(6)، پرسیاری(12) خراوەتەڕوو.

6- تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، تێروانینێکی نەرێنی(خراپ)نییە، واتا لە سەردەمی ئێستادە تێروانینی کۆمەڵگا گۆڕاوە و کارکردنی ئافرەتان بە دیاردەیەکی ئاسایی و بگرە ئەرێنی(باش) سەیردەکرێت؛ هەروەک لە خشتەی ژمارە(6)پرسیاری(13)دەردەکەوێت.

7- کارکردن نابێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی منداڵ و بگرە ئافرەتان دەتونن هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان کاری ماڵ و دەرەوە هەروەک لە خشتەی ژمارە(6) پرسیاری(19،18)دا خراونەتە ڕوو.

8- تێبینی دەکەین کە زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی کە سەڵتن و هاوسەرگیرییان نەکردووە پێیانوایە کە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی منداڵ، هەروەها پییانوایە کە تاوەکو ئێستا کۆمەڵگا بە شێوەیەکی نەرێنی ئەڕوانێتە کارکردنی ئافرەتان.

9- زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی لە کەرتی تایبەتی کاردەکەن پێیانوایە کە کێچەڵی سێکسی و جیاکاری ڕەگەزی و دەستوەردان لە تایبەتمەندێتی وەک جل و بەرگ و شێوە و روخسار یەکێکە لە بەربەستەکانی کاری ئافرەتان، هەروەک لە خشتەی ژمارە(8) پرسیارەکانی(14، 15، 17)دەردەکەوێت.

**2- پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

1- پێمان باشە حکومەت لە ڕێگەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانییەوە، چاودێرییەکی زیاتری رەوشی کارکردن بکەن لە کەرتی تایبەت؛ بەتایبەتی بۆ رەگەزی مێ(ئافرەتان)، چونکە وەک لە توێژینەوەکەمان دەردەکەوێت کە بابەتی گێچەڵی سێکسی و جیاکاری رەگەزی و دەستوەردان لە تایبەتمەندێتییە کەسێتییەکان بونیان هەیە لە کەرتی تایبەت.

2- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان، لەڕێگای دەزگاکانی ڕگەیاندن و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمیناری زانستی سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان بە تایبەت لە کەرتی تایبەت بۆ بەئاسایی وەرگرتنی کارکردنی ئافرەتان لەو بوارانەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئافرەتان و پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی.

3- گرنگیدان بە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتانی کارکردوو سەبارەت بە ئەرک و مافەکانیان لەکاتی کارکردندا و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی کار و باری ماڵەوە و دەرەوە، لەڕێگای دامەزراوەفەرمییەکان یاخود ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

4- هەوڵدان بۆ دارشتن یاخود هەمواركردنەوەی یاسای تایبەت بە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ، بەتایبەت لە کەرتی تایبەت.

5- هەولدان بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی خێزان بەتایبەتی هاوسەران، سەبارەت بە چۆنیەتی خۆ گونجاندن و هاوکاریکردنی هاوسەرەکانیان لە رێکخستنی کاری ماڵ و دەرەوە بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گرفتە خێزانییەکان کە دەرەنجامی کارکردنی ئافرەتن لە دەرەوەی ماڵ.

### 3- ڕاسپاردەکانی تویژینەوە:

1 – هەوڵدان بۆ توێژینەوەی زیاتر سەبارەت بە ئافرەتان لە بواری کار، بەتایبەت لە کەرتی تایبەت و خستنە ڕووی گرنگترین ئەو کێشە و ئاریشانەی رووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە لەم کەرتەدا لە کۆمەڵگای کوردیدا.

2 – ئافرەتان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگان، بۆیە پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت سەبارەت بە رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا وەک( سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...هتد).

3 – توێژینەوەی زیاتربکرێت سەبارەت بە رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکان لە بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئارفەتان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

4 – ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە وەی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر لە چ بوارێکدا ئارەزووی کارکردنیان هەیە یاخوود سەرکەوتوون و لەگەڵ سروشتیاندا گونجاوە؛ ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە سەبارەت بە پلاندانانی کار؛ بەمەبەستی بەرهەمی زیاتر و ئاستەنگی کەمتر لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان.**

**1-1 - کتێبەکان:**

1. ئەبراش، ئیبراهیم. (2013)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و:دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
2. بۆکانی، سابیر.(2016)،میتۆدی توێژینەوەی زانستی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا:سلێمانی.
3. شوانی، محمد حسین. (2015)، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی:هەولێر.
4. عومەر، مەعەن خەلیل. (2012)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆکەڵناسیدا، وەرگێران:دکتۆر محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. عمر، معن خلیل.(2011)، *ڕێبازەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا*، وە:زیرەك ئەحمەد رەحمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

**2-1- نامەی زانكۆیی كوردییەكان:**

1. كريم، كانياو ابراهيم (2020)، ڕەنگدانەوەی كاركردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ، نامەی ماستەری بڵاونەكراوە، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان:**

**1-2- كتێبەكان:**

1- عمر، معن خليل. (1983)، الموضوعية و التحليل فى البحث الاجتماعى، دار الافاق الجديدة: بيروت.
2- عودة، احمد سليمان، فتحى ملكاوى.(1992)، *اساسيات البحث العلمى فى التربية و العلوم الانسانية*، مكتبة الكتانى: اربد، ط2.
3- زيبارى، طاهر حسو. (2011)، *اساليب البحث العلمى فى علم الاجتماع*، المؤسسة الجامعية للدراسة و النشر و التوزيع، بيروت.
4- الساعاتي، سامية حسن (2006)، المرأة والمجتمع المعاصر، الدار المصرية السعودية، القاهرة.

**2-2- نامەی زانكۆیی:**

1- بلعابد، مليكة (2015)، الاجهاد المهنى لدى المرأة العاملة، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، جامعة العربى بن مهيدى، ام البواقى.
2- بلعقاب، رؤوف، 2017، عمل المرأة و ايرهعلى العلاقة الزوجية، اطروحة الدكتوراه فى علم النفس العيادى، كليةالعلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد لمين دباغين-سطيف2، الجزائر.
3- رشيد، يوسفات، بو علام، بولاهى، 2019، عمل المرأة و علاقة بقوانين الظبط الاجتماعى، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و الاسلامية، جامعة احمد دراية ادرار.
4- زينب بن با، نوال، فندو(2020)، انعكاسات الظروف الاجتماعية على اداه المرأة العاملة، مذكرة ماستر فى تخصص علم اجتماع تنظيم و عمل، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و العلوم الاسلامية، جامعة احمد دراية ادرار، الجزائر.
5- سالمي، وهيبة، (2009)، الدوافع النفسية الاجتماعية لعمل الاطفال، رسالة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علم النفس الاجتماعي، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية قسم علم النفس وعلوم التربية والأرطوفونيا، جـامعة الجزائـر.

6- سوسن، جعفرى، وداد، عبدالسلامى (2019)، المعوقات الوظيفية و الاجتماعية للمرأة العاملة بالمجال الصحى، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر فى علم الاجتماع، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و العلوم الاسلامية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة احمد دراية ادرار، الجزائر.

7- سوسن، جعفرى، وداد، عبدالسلامى، المعوقات الوظيفية و الاجتماعية للمرأة العاملة بالامجال الصحى، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و العلوم الاسلامية، جامعة احمد دراية، ادرار، الجزائر.

8- نسرين، بن بوزيد خولة (2015)، مشكلات المرأة العاملة و تاثيرها علي الاداء الوظيفي، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة العربي بن مهيدي ـ أم البواقي، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

**3-2- گۆڤارەکان:**

1- الطويل, حمد بن صالح بن سعد(2016)، الدوافع-تعرفها- اهميتها- انواعها-وظائفها-نظرياتها، مجلة كلية التربية بينها، العدد(106)، ابريل ج(2)، السعودية.

2- الغامدى، محمد سعيد(1996)، عمل المرأة و أثره على بعض و ظائف الاسرية، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز، الادب و العلوم الانسانيةم9، ص ص 3-58، جدة- المملكة العربية السعودية.

3- بركات، زياد، صبحة صائل،(2012)، الدوافع النفسية و الاجتماعية و الادارية وراء استخدام الشباب الفلسطيني لوسائل الاتصال الحديثة، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات، مجلد1، عدد26.

4- خيون، م.م. إنصاف جعفر(2016)، الدوافع االقتصادية واالجتماعية للجرمية احلضرية- حي األنصار مدينة النجف األشرف، مجلة مركز دراسات الكوفة، مجلد1، العدد43، الصفحات283-311، العراق.

5- سليمان، حيدر خضر، دوافع العمل لدى المرآة العاملة، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد14، العدد4، أيار2007، صفحة54.

6- ربيعة، صبايحى، 2019، عمل المرأة و اثره على العلاقات الاسرية و المجتمع، المجلة النقدية للقانون و العلوم السياسية تيزى وزو، العدد2. الرقم التسلسلى 1112-6590.

7- زريقة، يسرى و جحجاح، غزوان صديق، الدوافع االجتماعية واالقتصادية لخروج المرأة إلى العمل ونتائجها، مجمة جامعة تشرين لمبحوث والدراسات العممية _ سمسمة آلداب والعموم اإلنسانية المجمد )39 )العدد (1)2017، ص380.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشکۆ(1): ئاستی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە | ناو و پلەی پسپۆر | ژ. پرسیارە دروستەکان | ژ. پرسیارە نادروستەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | پ.ی.د. عبداللە خورشید عبداللە | 20 | 2 |
| 2 | پ.ی.د. محمد حسین شوانی | 15 | 7 |
| 3 | پ.ی.د. ئارام ابراهیم حسن | 17 | 5 |
| 4 | پ.ی.د. فێنک امجد حسن | 21 | 1 |
| 5 | پ.ی.د. مها حسن | 22 | 0 |
| کۆی گشتی | | 95 | 15 |

کۆی پرسیارەکانی فۆڕم= 22 ژمارەی پسپۆران= 5

کۆی گشتی پرسیارەکان = کۆی پرسیارەکانی فۆڕم × کۆی پسپۆڕەکان= 22 × 5 = 110

کۆی پرسیارە دروستەکان = 95 کۆی پرسیارە نادروستەکان = 15

ئاستی متمانە = کۆی گشتی پرسیارە دروستەکان ÷ کۆی گشتی پرسیارەکانی فۆڕمەکە ×100

ئاستی متمانە= 95 ÷110×100= 86.363٪ ئاستی متمانە(ڕێژەی ڕاستگۆیی) فۆڕمەکەیە.

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ڕاستگۆیی ڕواڵەتی فۆرمی تویژینەوەکەمان، کە پرسیارەکانی لەگەڵ پێوانەکردنی پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەتان لەدەرەوەی ماڵ دەگونجێت.

پاشکۆ(2): جێگیری فۆڕمەکە ڕووندەکاتەوە

پێوانەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی شێوازی دابەشکردنی نیوەیی(التجزء النصفية)

| هاوکێشەی پەیوەستی پێش ڕاستکردنەوە<br>معامل الارتباط قبل التصحيح<br>Correlation Between Forms | ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکە بە هاوکێشەی سپێرمان- براون<br>تصحيح المعامل بمعادلة سبيرمان-براون<br>Spearman-Brown Coefficient<br>Equal Length | ژمارە<br>N |
|---|---|---|
| 0.826 | 0.905 | 14 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دوافع عمل المرأة خارج المنزل
## بحث ميداني في مدينة اربيل


## ملخص البحث

التقدم و التغيرات في المجال التكنولوجيا والصناعة والاقتصاد، سببا رئيسيا للتغيير في هيكل المجتمعات العالمية ونظامها الاجتماعي؛ ومن بين هذه التغيرات الاجتماعية زيادة عدد النساء العاملات خارج المنزل. وفي ضوء هذه الظاهرة، أجرينا هذه الدراسة المسماة "عمل المرأة خارج المنزل"، وهي دراسة ميدانية في أربيل. وقد حددنا بعض الأهداف، بما في ذلك ما هي أسباب عمل المرأة خارج المنزل. و تحديد أهم الحواجز أمام المرأة عندما تعمل خارج المنزل، عرض اهم الجوانب الاجابية و السلبية لعمل المرأة خارج المنزل. ويستند هذا البحث إلى جانبين رئيسيين: النظرية و العملية؛ والجانب النظري يتكون من ثلاثة أجزاء، بدءا من السياق العام للبحث، بما في ذلك مشكلة البحث وأهمية و أهداف البحث. يتكون الجزء الأول من موضوعين رئيسيين، الأول، هو شرح مفاهيم البحث والمصطلحات العلمية، والمفاهيم (الدوافع، النساء العاملات). أما الجزء الثاني فيشمل بحوثا سابقة، والجزء الثالث يتعلق بعمل المرأة خارج المنزل، بما في ذلك الدوافع الاجتماعية، والدوافع الاقتصادية، والدوافع النفسية. أما الجانب الثاني فهو العملى(ميداني) ويشمل قسمين، الجزء الرابع يتحدث عن طريقة البحث وإجراءات العمل الميداني، مثل طريق الوصفى التحليلى، وطريقة مسح الاجتماعى، وأخذ أمثلة على نوع العينة المقصودة. استخدم الباحث اداة(الاستبيان) لجمع المعلومات. في الوقت الذي يكون فيه الجزء الخامس من العرض و تحليل المعلومات البحثية. وفي نهاية هذا البحث، نوقشت نتائج الدراسة، ثم قدمت بعض الاقتراحات والتوصيات حول العمل المرأة في المجتمع الكردي.


# Incentives For Women to Work Outside the Home
## (A Field Study in Erbil City)


**Twana Othman Mohamedamen**
Department of Sociology, College of International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Twana.amin@lfu.edu.krd
Twana.mohamedamen@su.edu.krd


***Keywords:*** *Motives, Women's Work, Society's View, Economics, Social Position*


## Abstract

Progress and changes in technology, industry and the economy are a major cause of change in the structure and social system of global societies; among these social

changes is the increase in the number of women working outside the home. In light of this phenomenon, we conducted this study, "Women's Work Outside the Home", a field study in Erbil. We have set some objectives, including what are the reasons why women work outside the home. The most important barriers to women when working outside the home are challenged, presenting the most important and negative aspects of women's work outside the home. This research is based on two main aspects: theory and the process; and the theoretical aspect consists of three parts, starting with the overall context of the research, including the research problem and the importance and objectives of the research. The first part of two main topics is the explanation of research concepts, scientific terms, and concepts (motivations, working women). The second part includes previous research, and the third part relates to women's work outside the home, including social motivations, economic motives and psychological motivations ،The second aspect is practical (field) and includes two sections, the fourth part speaks of the method of research and procedures for field work, such as the analytical descriptive method, the method of surveying the meeting, and taking examples of the type of sample intended. The researcher used the " Questionnaires " to collect information. At a time when the fifth part of the presentation and analysis of research information. At the end of this research, the results of the study were discussed, and some suggestions and recommendations were made on women's work in Kurdish society.